گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/sw07ym35
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 20/03/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 20/05/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# تایپۆلۆژیای کەسایەتیی کارەکتەر لە ڕۆمانی (لەسەر باران دەنوسم) لە ڕوانگەی کارڵ گۆستاڤ یۆنگ

**سۆران مامند عبدالله[1] - فرهاد عزيز حسن[2] - كارزان محسن قادر[3]**
karzan.qader@su.edu.krd - farhad.hassan@su.edu.krd - soran.abdullah@s.edu.krd
[1] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.
[2] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی مەخمور، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.
[3] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختە**

ئەدەبی گێڕانەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پانتاییەکی بەرفراوانی لە ئەدەبیاتی جیهانیی پاوانکردوە و ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو ڕۆمان و چیرۆک لە جیهاندا بڵاودەبێتەوە و ڕەخنەگر و تیۆرزان و توێژەرانیش بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی لەم بەرهەمانە دەکۆڵنەوە. بەرەنجامی ئەم توێژینەوانە دەرکەوتنی زانستێکی گرنگە کە بە (گێڕانەوەناسی) ناسراوە. گێڕانەوەناسی بە پشتبەستن بە مێتۆدە زانستی و تیۆرە ڕەخنەییەکان، تخوبی شێوازەکانی توێژینەوە لە ئەدەبی گێڕانەوە دەستنیشاندەکا و ئاراستەکەیان دیاریدەکا. لەم بوارەدا گێڕانەوەناسی سود لە ئەنجامی زانستە مرۆڤایەتییەکان وەکو فەلسەفە، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ئەفسانەناسی و ...هتد وەردەگرێ. گێڕانەوە لە ڕۆمان و چیرۆک و شێوازەکانی دیکەی ئەدەبی گێڕانەوەدا، لەسەر بنەمای زمان و شێوازەکانی دەربڕینی زمانی و لەڕێگەی هونەر و تەکنیکی جیاوازەوە پێشکەش دەکرێ. (مەنەلۆگ) یەکێک لە شێوازە گرنگەکانی دەربڕینی زمانی، لە ئەدەبی گێڕانەوەیە کە باری دەرونی و جیهانبینی و شێوازی بیرکردنەوەی کارەکتەر بەدیاردەخا و پشکی سەرەکی لە ناساندنی کارەکتەر لەم تەکنیکەدا بۆ لایەنی دەرونی دەگەڕێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا بەپێی میتۆدی وەسفی – شیکاریی و بەپشتبەستن بە تیۆری تایپۆلۆژیای کەسایەتی کارڵ گۆستاڤ یۆنگ کە بە دیدگای ناوەکی (Introversion) و دیدگای دەرەکی (Extroversion) ناسراوە، هەوڵی ناساندنی تایپۆلۆژیای کەسایەتی کارەکتەر لە ڕۆمانی (لەسەر باران دەنوسم) دەدرێ. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا ئاشکرادەبێ زۆربەی ئەم تایپە کەسایەتییانەی یۆنگ دەسنیشانی کردون، لە ڕفتار و هەڵوێستی کەسایەتی کارەکتەرەکاندا بەرجەستە دەبێ و بەم چەشنە جۆری کەسایەتی کارەکتەرەکان ئاشکرادەبن.

**وشە سەرەکییەکان:** مەنەلۆگ، کارەکتەر، سروشتی کەسایەتی، یۆنگ، دیدگای ناوەکی و دەرەکی، لەسەر باران دەنوسم.

# Character Personality Typology in (Lasar Baran Danusm - I Write on the Rain) Novel from the perspective of Carl Gustav Jung).

Soran mamand Abdullah[1] Farhad Aziz Hassan[2] Karzan Mohsen Qadir[3]

[1]Kurdish Language Department, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Kurdish Language Department, College of Education, Makhmur, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[3]Kurdish Language Department, College Basic of Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This work is entitled (Character Personality Typology in (Lasar Baran Danusm - I Write on the Rain) Novel from the perspective of Carl Gustav Jung) Narrative literature has occupied a wide space in world literature today and a significant number of novels and stories are published annually in the world. Critics, theorists and researchers study these works in an academic and scientific manner. The result of these studies is the emergence of an important scientific discipline known as “narratology”. Based on scientific methods and critical theories, narratology identifies and directs research types in narrative literature. In this discipline, narratology benefits from the results of the humanity sciences such as philosophy, psychology, sociology, mythology, etc. Narrative in novels, stories and other forms of narrative literature is presented on the basis of language and language expressing ways through different arts and techniques. “Monologue” is one of the most important forms of language expressing in narrative literature that manifests the psychological state, worldview and way of thinking of the character, and the psychological state gets the main share of character introduction in this technique. In this research, based on the Carl Gustav’s Personality Typology Theory, which is known as Introversion and Extroversion, attempt is made to present (Character Personality Typology) in (Lasar Baran Danusm) novel.

**Keywords**: Monologue, Character, Personality Typology, Yung, Introversion and Extroversion, Lasar Baran Danusm.

## ١. پێشەکی

ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی (تایپۆلۆژیای کەسایەتیی کارەکتەر لە ڕۆمانی (لەسەر باران دەنوسم) لە ڕوانگەی کارڵ گۆستاڤ یۆنگ) نوسراوە. ڕۆمان یەکێک لە ژانرە باو و گرنگەکانی بواری ئەدەبی گێڕانەوەیە کە بەپێی پێکهاتەکەی لەسەر بنەمای گێڕانەوە بنیاتدەنرێ. گێڕانەوە لەم ژانرەدا بە شێواز و ڕێگەی جۆراوجۆر پێشکەش دەکرێ و هەر یەک لەم شێوازانە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر ناساندنی کارەکتەر و شێواز و جۆری کەسایەتییەکەی هەیە. بەشێوەیەکی گشتی کارەکتەر لە ڕۆماندا بنچینەیە و تاڕادەیەک سەرجەم توخمە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان، لە خزمەت ناساندن و دەرخستن و بەرجەستەکردنی کارەکتەر بەگەڕدەخرێن. سروشتی کاراکتەر خۆی لە ڕەهەندە دەرونی و ڕەفتارییەکاندا بەرجەستە دەکا و بنەمایەکی سەرەکییە بۆ ناسینەوەی کارەکتەر لەڕوی کەسایەتی، جیهانبینی و شێوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕوداو و هەڵوێستەکان، کە لە بنەڕەتدا لە چارچێوەی گفتوگۆ و مەنەلۆگ و شێوازەکانی ئەم تەکنیکەی ڕۆماندا دەنوێندرێ. تیۆرە دەرونناسییەکان بەگشتی و تیۆرەکەی (کارڵ گۆستاو یۆنگ) بەتایبەتی، بنەمایەکی زانستییانە بۆ دەسنیشانکردنی جۆری کەسایەتی کارەکتەر بە مەبەستی ناسینەوەی سەرجەم ڕەهەندەکانی کەسایەتیی پێشکەش دەکەن. ناسینەوەی کارەکتەر و دیاریکردنی ئەدگارە شاراوە و ئاشکراکانی، پەیوەستن بە لایەنی ڕەفتار و دەربڕینەوە و ئەم دو ڕەوتەش بەشێوەیەکی بنچینەیی بە باری دەرونی تاکەوە گرێدراون. باری دەرونی تاک پیشاندەری سیفات و تایبەتمەندیی ڕەفتاری و هەڵسوکەوتە جیاوازەکان لە کات و شوێنی جۆراوجۆرن.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە:** لێکۆڵینەوە لە سروشتی کەسایەتی کارەکتەر لە ڕۆمانی کوردیدا بەپێویستییەکی هەنوکەیی زانراوە و بەهەۆی ئەوەی هیچ توێژینەوەیەکی لەم چەشنە لە ئەکادیمیای کوردی بەرچاونەکەوت کە ڕوانگەی کارڵ گۆستاڤ یۆنگەوە هەوڵی دەسنیشانکردنی جۆری کەسایەتی کارەکتەر لە ڕۆمانی کوردی دابێ، بۆیە ئەم توێژینەوەیە ئەم هەوڵەی لەئەستۆگرتوە.

**سنوری توێژینەوە:** ڕۆمانی (لەسەر باران دەنوسم) نوسینی ڕۆماننوس جەبار جەمال غەریب، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە تایپۆلۆژیای کەسایەتی کارەکتەر بە کێڵگە و سنوری ئەم توێژینەوەیە هەڵبژێردراوە.

**ئامانجی توێژینەوە:** ناساندنی تایپۆلۆژیای کەسایەتیی کارەکتەرە جیاوازەکانی ناو ڕۆمانی (لەسەر باران دەنوسم) بەمەبەستی دیاریکردنی کاریگەریی لایەنی دەرونی و جۆری کەسایەتی کارەکتەر لەسەر شێوازی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و تێڕوانین و جیهانبینییان، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بوە.

گرنگی توێژینەوە: گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە لەڕێگەی ئەم تیۆرەوە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ کەسایەتی کارەکتەر لە ڕۆمانی کوردیدا بکرێ و پەردە لەسەر شێوازی هەڵسوکەوتی تاک و گەوهەری ڕاستەقینەی کەسایەتییەکانیان و کاریگەریی لایەنی دەرونی لەسەر ڕفتار و کردەوەکانیان لابدا.

**مێتۆدی توێژینەوە:** ڕەخنەی دەرونی یەکێک لە مێتۆدە گرنگەکانی توێژینەوە لە ڕۆمانە و یەکێک لە تیۆردانەرە ناسراوەکانی ئەم ڕێبازە ڕەخنەییە، (کارڵ گۆستاڤ یۆنگ)ە کە بەپێی شێوازی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و گۆشەنیگا و جیهانبینی تاکی مرۆڤ، تایپ و جۆری کەسایەتییەکانی بەسەر چەند جۆرێکی تایبەتەوە دابەشکردوە. لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ڕوانگە و تێڕوانینی یۆنگ بەستراوە، کە کەسایەتی مرۆڤی بۆ دو جۆری سەرەکی (ناوەکی و دەرەکی) دابەشکردوە و هەر یەک لەم جۆرانەشی بەسەر چوار جۆری لاوەکی دابەشکردوە. یۆنگ ئەم تیۆرەی بە ناونیشانی تایپۆلۆژیای کەسایەتی بنیاتناوە و لەم توێژینەوەیەدا ئەم تیۆرە بەمەبەستی ناساندنی کەسایەتی کارەکتەرەکان بەکارهێندراوە. لەم

توێژینەوەیەدا بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئامانجی زانستی، سود لە میتۆدی وەسفی - شیکاریی و شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریی کتێبخانەیی وەرگیراوە.

**پرسیاری توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا ئەم پرسیارانە گەڵاڵە کراون:

ئایا سەرجەم جۆرەکانی کەسایەتی کارەکتەر کە یۆنگ دیاریکردون لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستە دەبن؟

ئایا کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە زیاتر سەر بە چ جۆرێک کەسایەتین و بۆچی؟

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا بنەماکانی تیۆری یۆنگ سەبارەت بە ناساندنی تایپۆلۆژیای کەسایەتی، تاوتوێکراون و ئینجا بەگوێرەی ئەم بنەما و تایبەتمەندییانەی یۆنگ بۆ کەسایەتییە جیاوازەکان دیاریکردون، کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە بەشێوەی سەرینی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە و لەسەر بنەمای جیهانبینی و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و تایپۆلۆژیای کەسایەتییەکانیان ناسێنراون.

## ٢- کارەکتەر

کارەکتەر یەکێک لە بنچینەییترین توخمەکانی ئەدەبی گێڕانەوەیە، بە چەشنێک بەڕادەیەکی زۆر توخمەکانی دیکەی ئەم جۆرە ئەدەبییە بە ئاراستەی ناساندن و گەشەسەندن و پەرەسەندنی کارەکتەردا بەردەستدەکرێن. بەمانایەکی دیکە زۆربەی ڕوداوەکانی ناو ڕۆمان و گشت شوێن و خولەک بە خولەکی کاتی ڕۆمان لە خزمەت پرۆسەی کارەکتەرسازیدا دەبن. ناساندن و پێشکەشکردنی کارەکتەر لەڕێگەی گێڕانەوە جێبەجێ دەکرێ و ئەم بابەتە تەواو لەژێر کاریگەری گفتوگۆ و شێوازە جیاوازەکانی بەڕێوەدەچێ و بەشێوەیەکی گشتی ڕوانگە، تێڕوانین، جیهانبینی، ئاستی ڕۆشنبیری، باری کۆمەڵایەتی و دەرونی کارەکتەر بە هۆی هونەرەکانی گێڕانەوە وەکو گفتوگۆ و مەنەلۆگ و شێوازەکانی بەرجەستە دەبێ. گفتوگۆ و مەنەلۆگ و شێوازی دەربڕین، پیشاندەری کەسایەتیی کارەکتەرن و کەسایەتی کارەکتەریش، ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیی ئاکاریی و دەرونی خودی کارەکتەرە. لە پێناسەی کارەکتەردا (میرصادقی) دەنوسێ: کارەکتەر لە ئەدەبی گێڕانەوەدا ئەو کەسەیە کە ئەدگاری دەرونی و ڕەوشتییەکانی لە کردەوە و دەربڕینەکانیدا، بەدی بکرێ(میرصادقی، ١٣٨٨، ٨٤). ئەم کارەکتەرە بەسەرجەم ئەدگارە دەرونیی و ڕەوشتی و هەڵسوکەوتەکانی کە لە ڕەفتار و دەربڕینەکانیدا بەرچاو دەکەون، سازکراو و خوڵقێنراوی ڕۆماننوسە. (نەجم ئەڵوەنی) سەبارەت بەم بابەتە دەنوسێ: ((کارەکتەر کەسێکی خەیاڵی و بونەوەرێکی وێناکراوە و نوسەر لە وشە دروستیان دەکا و لە دەرەوەی ڕۆماندا هاوشێوەیان نییە))(ئەڵوەنی، ٢٠٢٣، ٧٢-٧٣). کەواتا لەگەڵ ئەوەشدا کە کارەکتەر وەکو ئادەمیزاد بارستاییەک لە جیهانی واقیعدا داگیر ناکا و خەیاڵییە، بەڵام لە کارگەی کارەکتەرسازیی ڕۆماننوسدا وەها دەخوڵقێنرێ کە سەرجەم تایبەتمەندییە دەرونیی و دەرەکییەکانی مرۆڤی تێدا بەرجەستە بێ.

کارەکتەر بەپێی بنیاتی کەسایەتی، گەشە و گۆڕان و تایبەتمەندییەکانی بەسەر چەندین جۆری جیاوازدا دابەش دەکرێ، بۆ نمونە کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی، کارەکتەری، پەرەسێن و چەسپاو، سادە و ئاڵۆز و...هتد(فرهنگی، سهیلا، ١٣٩٢، ٨٥-٨٦). ئەم پۆلینکردنانە گشتی لەڕێگەی شێوازەکانی کارەکتەرسازیی دەسنیشان و جیا دەکرێنەوە. ڕۆماننوس بە مەبەستی بەرکارخستن و ڕۆڵپێدانی کارەکتەر لە ڕوداوەکاندا هەوڵی کارەکتەرسازیی دەدا و ئەم پرۆسەیەش بە دو شێوە جێبەجێ دەکرێ، یەکەم: کارەکتەرسازی ڕاستەوخۆ، کە تێیدا کارەکتەر ڕاستەوخۆ لەلایەن گێڕەرەوە دەناسێنرێ و تایبەتمەندییە دەرونی و دەرەکییەکانی دەخرێتەڕو. دوەم: کارەکتەرسازی ناڕاستەوخۆ، لەم جۆرەدا پشت بە چەندین هۆکار و دیاردەی وەکو کردەوە، دەربڕین (دیالۆگ و مەنەلۆگ)، ناو، ژینگە و ڕواڵەت دەبەسترێ(مسعودیفرد، ١٣٩٣، ١١٤). پرۆسەی کارەکتەرسازیی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای دەربڕینە

زمانییەکانی کارەکتەر و کردەوەکانی بنیات نراوە، بۆیە ڕۆڵ و گرنگیی زمان و دەربڕینی زمانی لەم شـێوازەدا بە هەند وەردەگیرێ. لەڕێگەی زمانی گێڕەرەوە دەکرێ پەی بە کەسایەتی کارەکتەر ببرێ، جا ئەم گێڕەرەوە بە هەر گۆشەنیگایەک ڕوداوەکان بگێڕێتەوە. ((لەڕێگەی شـێوازی دەربڕین، فەرهەنگی وشـە، ڕسـتەسـازی، جەختکردنەوە وچانی کارەکتەر لەکاتی ئاخاوتندا، دەکرێ کەسـایەتییەکەی بناسرێتەوە))(اخوت، ۱۳۷۱، ۱۳۵). (نەجم ئەڵوەنی) لەسـەر ئەم بابەتە ڕای وایە: زمان بناغەی دامەزراندنی دەقە و ئەرکی پیشاندانی کارەکتەرەکانە و لە ڕۆماندا پەیوەندی بە ئاستی دەربڕین و هۆشیاریی کارەکتەرەوە هەیە(ئەڵوەندی، ۲۰۲۳، ۷۵-۷٦). بەم چەشـنە لە شـێوەی ناڕاسـتەوخۆی کارەکتەرسـازییدا دەربڕینی زمانیی گرنگیی هەیە و لە ڕۆماندا ئەم بابەتە بەهۆی مەنەلۆگ و شێوازە جیاجیاکانی جێبەجێ دەکرێ.

### ۳. مەنەلۆگ

مەنەلۆگ یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی ئەدەبی گێڕانەوەیە و لە بیناى گێڕانەوەی ڕۆمانی مۆدێرندا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێ. لە پێناسەی مەنەلۆگدا هاتوە: ((بیرکردنەوە و ئاخاوتنی کارەکتەرە لەگەڵ خۆیدا، دەشێ ئەم بیرکردنەوە و ئاخاوتنە گوێگری هەبێ یان نەیێ. دەتوانێ بەشـێک یان پارچەیەک لە گێڕانەوەی ڕۆمان بگرێتەوە یان سـەرجەم بەرهەمەکە بگرێتەوە))(حری، ۱۳۹۰، ۳۰). لەڕوی شـێواز و جۆرەوە بەسـەر سێ جۆردا دابەش دەکرێ: مەنەلۆگی دەرونی، مەنەلۆگی درامی، خۆدواندن(حەسـەن، ۲۰۲۱، ٦-۱۱). مەنەلۆگ و جۆرە جیاوازەکانی ڕێگە بۆ دەربڕینی سـەربەسـتانەی کارەکتەر خۆش دەکەن و کارەکتەر ئازادانە بەبێ هیچ بەربەسـتێک، ئەوەی لە مێشـک و خەیاڵ و دەرونیدا هەیە، هەڵیدەڕێژێ و خوێنەر لەم ڕێگەیەوە پەی بە کەسـایەتی و تایبەتمەندی و خو و ئاکاری کارەکتەرەکان دەبا. هەر لەم سـۆنگەیەوە لە کتێبی (کارەکتەرسـازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا) سـەبارەت بە تەکنیکی مەنەلۆگ هاتوە: نوسـەر دەرفەت بە کارەکتەرەکانی دەدا بێ یارمەتی حیکایەتخوان بەخۆیان گوزارشـت لە خەون و ترس و نائارامی و شـکسـتەکانیان بکەن(ئەڵوەنی، ۲۰۰۹، ۱۵۰). کاتێک کارەکتەر لەڕێگەی مەنەلۆگەوە گوزارشـت لە ناخی خۆی و دەوروبەر و بینینەکانی خۆی بکا، بێگومان سـەرجەم ڕوداو و شـوێن و کارەکتەرەکانی دیکەی ناو ڕۆمانیش لەم گۆشـەنیگایە پێناسـە وەردەگرن و دەناسـێنرێن، بۆیە زۆرجار لە ڕۆماندا کاتێک کارەکتەر یان چەند کارەکتەرێک بە مەنەلۆگ ڕوداوەکان دەگێڕنەوە، ئەوە لەڕێگەی ئەم گێڕانەوەیە کە کارەکتەرەکانی دیکەش دەناسرێن و تایبەتمەندی و جۆری کەسایەتییەکانیان ڕون دەبێتەوە.

مەنەلۆگ شێوازێکی دەربڕینی زمانییە کە تێیدا کارەکتەر لەگەڵ خۆیدا دەدوێ و بیرکردنەوە و هەست و سۆز و هەڵوێسـت و تێگەیشـتنەکانی سـەبارەت بە بارودۆخ و ڕوداو و شـوێن و کارەکتەرەکانی دیکەی ناو ڕۆمان ئاراسـتەی دەرەوە دەکا. ئاراستەکردنی ئەم بابەتانە بەمانای گواستنەوەی سەرجەم بینینەکانی کارەکتەر، سەبارەت بە ڕوداوەکانی ناو ڕۆمان بۆ خوێنەرە. چونکە لەم تەکنیکەدا کارەکتەر لەگەڵ خۆیدا دەدوێ و بەم چەشـنە پەردە لە جیهانی دەرون و ناخ و جیهانبینی و تێگەیشتن و هەست و سۆز و شێوازی بیرکردنەوەی کارەکتەر هەڵدەماڵدرێ.

لێرەوە دەشێ پەیوەندی نێوان ئەم تەکنیکە و گەیشتن بە سروشتی کەسایەتی کارەکتەرەکان دەسنیشان بکرێ. کارەکتەر لە مەنەلۆگدا ڕاستەوخۆ لەسـەر خۆی و دەوروبەر و هەسـت و سـۆز و تێگەیشـتنەکانی دەدوێ و پەنجەرەی هەزاری بەر هەزاری ناخی خۆی و تێڕوانینەکانی، بەڕوی دەرەوەدا دەکاتەوە و پەردە لەسـەر دیاردە شـاراوە و نهێنی و ڕوداوەکانی ناو ڕۆمان و خودی خۆی و زۆربەی کارەکتەرەکانی دیکە هەڵدەماڵێ و وەکو ئاوێنەی جیهانبین ڕوداوەکان پیشان دەدا.

### ٤. سروشتی کەسایەتی

سروشـــتی کەســـایەتی یەکێک لە تیۆرە نوێکانی بواری دەروونناســـییە کە لەلایەن (کارڵ گۆســـتاف یۆنگ)ەوە پێشکەش کراوە و ئەم تیۆرە لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەتایبەتی لە ئەدەب و هونەردا گرنگییەکی زۆری پێدراوە. هەر لەم ڕوانگەوەیە کە دەتوانرێ بە پێوانەی هەڵســـەنگاندن و شـــیکارکردنی بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی لەڕوی دەسـنیشـانکردنی سروشـتی کەسـایەتی کارەکتەر دابنرێ. یۆنگ کەسـایەتی تاک لە ڕوی جیهانبینی و دیدگا و تێڕوانینەوە، بەسەر دو پۆلی دیدگای ناوەکی (Introversion) و دیدگای دەرەکی (Extroversion) دابەش دەکا.

### ٤-١: دیدگای ناوەکی و دەرەکی

جۆری کەســـایەتی دیدگای ناوەکی و دەرەکی، بە چەشـــنێکە کە لە دو دۆخی جیاوازدا دیدگا و ڕوانگەکانیان بەرجەســـتە دەبێ. یان لە ڕۆژنەی جیهانی ناوەوە لە دنیا دەڕوانێ (دیدگای ناوەکی). یان لە پانۆرامای جیهانی دەرەوە لە دنیا دەڕوانێ (دیدگای دەرەکی). یۆنگ لە کتێبی (وزەی دەرونی)دا بەمجۆرە ئەم دو دۆخە دەناســـێنێ: ناوەکی و دەرەکی ئەم دۆخانەن کە لەژێر کاریگەریی هەڵکشـان و داکشـان دان. هەڵکشـان، جولەیە بەرەو ئاراسـتەی ژیان، ڕێک بەهەمان ئەم مانایەی کات بەرەو پێشەوە دەڕوا. دەشێ ئەم جولەیە بە دو شێوەی جیاواز دەرکەوێ: یان بە ئاراستەی دەرەوە یان بە ئاراســـتەی ناوەوە. بەرەو ئاراســـتەی دەرەوە واتا کەوتنە بەر کاریگەریی جیهانی دەوروبەر، ئاراســـتەی ناوەوە لەژێر کاریگەریی جیهانی ناوەوە دایە، واتا جیهانی زەین و دەرون بەســـەریدا زاڵ دەبێ. داکشـــانیش بە هەمان شـــێوە بە دو ئاراســـتە دەجولێ: بە شـــێوەی پاشـــەکشێـــ کردن لە جیهانی دەرەوە بۆ جیهانی ناوەوە کە (دیدگای ناوەکی)ییە، یان بەشێوەی پەنابردن بۆ ئەزمونی ناواقیعی و پڕ خەیاڵی جیهانی دەرەوە کە (دیدگای دەرەکی)ییە(یونگ، ١٣٧٤، ٥٥). هەر بە مەبەستی پتر ڕونکردنەوەی ئەم دو زاراوەیە یۆنگ سەبارەت بە سروشتی کەسایەتی ناوەکی دەنوسێ: ناوەکی خۆی بە دەوروبەر و کەسـانی دەوروپشـتییەوە خەریک ناکا و لە جیهانی ناوەوەی خۆیدا بەدوای گشـت داخوازی و ئارەزوەکانیدا دەگەڕێ. پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسـانی دیکە یەکجار سـنوردار دەکا و سـەرەتا بیر دەکاتەوە ئینجا ڕەفتار دەکا(یونگ، ١٤٠٠، ١٩٢). بەم پێیە دەردەکەوێ هەر یەک لەم دو تایپە، خاوەن کۆمەڵێک ئەدگار و تایبەتمەندیین کە بەهۆیەوە لێکتری جیادەکرێنەوە. ((کەسایەتی ناوەکی بەگشتی داخراو و دورەپەرێزن و پتر لەناو جیهانی ناوەوەی خۆیاندا سەرقاڵن. زۆر بەکەمی بەر کاریگەریی هۆکارەکانی دەرەوە و دەوروبەر دەکەون و لەم هەلومەرجانە دور دەکەونەوە کە وروژاندنی زۆری تێدابێ. هەر لەبەر ئەمەیە لە بەرانبەر گوشـــار و ئاڵۆزی و پەرێشـــانیدا خۆڕاگرییەکی باڵایان هەیە))(خالدی و دیگران، ١٣٩٦، ٤١). بەم چەشـــنە دەردەکەوێ ئەم دو دیدگایە لە چوارچێوەی تیۆری تایپۆلۆژیای کەســـایەتی تاکدا پیشاندەری ئەدگار و تایبەتمەندیی کەسین و لە ڕەفتار و کردەوە و دەربڕینەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە.

بە خوێندنەوە و وردبونەوە لەم تیۆرەی یۆنگ و دابەشکردنی سروشتی کەسایەتی بەسەر دو جەمسەری دیدگای ناوەکی و دەرەکی پرسـیار دەکرێ کە ئایا هەمو تاکێکی مرۆڤ لەڕوی سروشـتی کەسـایەتییەوە بەڕەهایی، تەنها سـەر بە یەکێک لەم دیدگایانەیە؟ ئایا ناکرێ هەر دو دیدگا لە یەک کەســـدا هەبن؟ ســـەبارەت بەمەوە دەشێ بگوترێ هەر دو دیدگای ناوەکی و دەرەکی، لە کەسایەتی گشت کەسێکدا بەدیدەکرێن و بەزۆری وەکو زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراو سەیر دەکرێن. بەم چەشنە گشت مرۆڤەکان خاوەن هەر دو شێوەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی یەکێک لەم دو جۆرە بەسەر ئەویدیکەدا زاڵ دەبێ و تاک بەهۆی ئەم لایەنەی بەســـەریدا زاڵە، دەناسرێتەوە(صـــادقی و مهدوی دامغانی، ١٣٩٩، ١١٩).

بەڕای یۆنگ دیدگای دەرەکی پێچەوانە هەڵســوکەوت دەکا، چونکە ((کەســـایەتی دەرەکی ســـەرنجی جیهانی دەرەوە دەدا و کۆمەڵایەتییە و هەســـت و ســـۆز و خواســـتەکانی خۆی ئاشـکرا دەکا. بیروبۆچون و هەسـتەکانی لەگەڵ

كەسانی دیكە ئاڵوگۆڕ دەكا و سەرەتا ڕەفتار دەكا و ئینجا بیر دەكاتەوە( یونگ، ١٤٠٠، ١٨٨). سروشتی كەسایەتی خاوەن دیدگایی دەرەكی لە گۆشەنیگای بەرفراوانی دنیای دەرەوە لە جیهان دەڕوانێ و بەم چەشنە بەپێچەوانەی كەسایەتی ناوەكی، بەهۆی ئەم پانتاییە بەرفراوانەی جیهانی دەرەوە، ئەزمونێكی بەرفراوانتری لەڕوی هەڵسوكەوت، هەلومەرج و ڕوداو لەبەر دەست دایە و بەم چەشنە ((پەیوەندی كۆمەڵایەتی باشیان هەیە و حەزبە ناسین و پەیوەندی بەستن دەكەن و پێیان خۆشە بەردەوام لە تایبەتمەندیی كەسانی دیكە و هەلومەرج و بارودۆخی ژینگەیی ئەوان تێبگەن. لەو پرسانەی پێویستیان بە سازش و ڕێككەوتن هەیە، شێلو نابن و زۆر بەباشی دەتوانن لەگەڵ هەلومەرجە جیاوازەكاندا هەڵبكەن. توانایی كۆنترۆڵكردنی وروژان و حەز و ئارەزووەكانیان هەیە))(خالدی و دیگران، ١٣٩٦، ٤١).

شێوازی بیركردنەوە، هەست و سۆز، ڕەفتار و دەربڕینی ئەم دو جۆرە كەسایەتییە پیشاندەری دیدگا و جیهانبینی تاكی مرۆڤن و كارەكتەریش، ئەگەرچی كەسایەتییەكی خەیاڵی و دروستكراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەلایەن ڕۆماننوسەوە سەرجەم ڕەهەندەكانی بیركردنەوە، هەست، دەربڕین و ڕەفتاری پێدەبەخشرێ، بۆیە دەتوانرێ لەڕوی تایپۆلۆژییەوە بەسەر دو جۆری ناوەكی و دەرەكی دابەش بكرێ. یۆنگ بەپێی هەڵسوكەوت كردن لە سەر بنەمای دیدگای ناوەكی و دیدگای دەرەكی چوار ڕەهەندی كرداری بۆ مرۆڤ دیاری كردوە كە بریتین لە: ((ئاوەزدار، سۆزدار، هەستی و دڵبین، ڕەهەندی ئاوەزدار و سۆزدار دژبەیەكن و هەستی و دڵبینیش بە هەمان شێوە لە بەرانبەر یەكدی دەوەستنەوە. ئەگەر هەر یەك لەم ڕەهەندانە لە دەرونی كەسێكدا پتر لەوانی دیكە گەشە بكا، لە ئەنجامدا ڕەهەندە دژەكەی كەمتر پەرەدەسێنێ و تەنانەت كپ دەكرێتەوە))(اسنودن، ١٣٩٣، ١٩٦). یۆنگ ئەم چوار ڕەهەندە لەگەڵ هەر دو دیدگای ناوەكی و دیدگای دەرەكیدا ئاوێتە دەكا و بەم چەشنە هەشت تایپی كەسایەتی دەسنیشان دەكا. كە بریتین لە: ((ناوەكی ئاوەزدار، دەرەكی ئاوەزدار، ناوەكی سۆزدار، دەرەكی سۆزدار، ناوەكی هەستی، دەرەكی هەستی، ناوەكی دڵبین، دەرەكی دڵبین))(بڕوانە: هەمان، ٢٠٠-٢٠٥). بەپێی تێڕوانینەكانی یۆنگ سەبارەت بە سروشتی كەسایەتی تاك و دابەشكردنی ئەم تایپانە بۆ سەر هەشت جۆری سەرەوە، دەكرێ هەوڵی ناسینی كەسایەتی و سروشتی كەسایەتییەكانیان بەپێی دەركەوتنیان لەناو ڕۆماندا بدرێ. مەنەلۆگ كە یەكێك لە ڕێگەكانی گێڕانەوەی ڕوداو و نواندنی كارەكتەرە، نزیكترین تەكنیكی گێڕانەوەیە بۆ ناسینی ڕەهەندی دەرونی كارەكتەر و هەروەها پۆلینكردنیان لە چوارچێوەی ئەم هەشت تایپ یان جۆرەی یۆنگ سەبارەت بە كەسایەتی پێشكەشی كردون. ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە كارەكتەرەكە لەڕوی ڕۆڵ و پێكهاتەوە سەرەكی یان لاوەكی بێ یان پەرەسێن و پەرەنەسێن بێ، چونكە ئەم پۆلبەندییەی یۆنگ گشت جۆرەكانی كارەكتەر دەگرێتەوە. لەم خشتەیەی خوارەوەدا تێڕوانینی یۆنگ بۆ ئەم هەشت جۆرە كەسایەتییە و تایبەتمەندییەكانی هەر یەك لەم كەسایەتییانە لەم خشتەیەی خوارەوە.(صادق و مهدوی دامغانی، ١٣٩٩، ١٢٥) خراوەتەڕو.

| ژ | سروشتی كەسایەتی | ئەدگار و تایبەتمەندیی كەسایەتی |
|---|---|---|
| ١ | ناوەكی ئاوەزدار | بیرمەند، دورەپەرێز |
| ٢ | ناوەكی سۆزدار | داخراو، دورەپەرێز، هەڵچو |
| ٣ | ناوەكی هەستی | لە هەڵسوكەوتدا وشك، بایەخ بە دەوروبەر نادا، هونەرمەند |
| ٤ | ناوەكی دڵبین | لە خەیاڵ و نائاگاییدا دەژی، دابڕاو لە جیهانی واقیع |
| ٥ | دەرەكی ئاوەزدار | لۆجیكی، ڕیالیست، دەمارگیر |
| ٦ | دەرەكی سۆزدار | سۆزدار، كۆمەڵایەتی، (ئەم سروشتییە پتر لە كەسایەتی ئافرەتدا دەبینرێ.) |
| ٧ | دەرەكی هەستی | كۆمەڵایەتی، هەستیار، خۆگونجێن، چێژخواز |
| ٨ | دەرەكی دڵبین | داهێنەر، بەتوانا لە وروژاندنی دەوروبەر، هەلخواز |

لێرەدا بە مەبەستی پتر ڕونبونەوە و تێگەیشتن لە سروشتی کەسایەتی ناوەکی و دەرەکی و ڕەهەندە جیاوازەکانیی، لەڕێگەی مەنەلۆگەوە هەوڵی دەســنیشــانکردنی ئەم تایپۆلۆژیانە لە کەســایەتی کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (لەســەر باران دەنوســم) دەدرێ. لەم ڕۆمانەدا هەمو ئەم جۆرە کارەکتەرانەی دەکرا بەپێی تیۆری یۆنگ لێیان بکۆڵدرێتەوە لە جۆرە جیاوازەکانی دەرەکی و ناوەکی و ڕەهەندە جیاوازەکانیاندا پۆلێنکراون.

### ٤-١-١: ناوەکی ئاوەزدار

ئەم جۆرە کەسایەتییانە بە ئاسانی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا هەڵناکەن و ناتوانن بە سانایی بیرۆکەکانیان بگەیێنن. لەڕوی پەیوەندییەوە لەگەڵ خەڵکیدا سارد و دورەپەرێزن. لەجیاتی هەست پتر پشت بە ئاوەز دەبەستن(صادق زادە، ١٣٩٦، ١١٤). لەم ڕۆمانەدا کەســایەتی (ســورنجان) نیشــاندەری ئەم جۆرەیە. کەســایەتی ئەم کارەکتەرە بەپێی تایبەتمەندیی سروشتی ناوەکی ئاوەزدار بەم چەشنە بەرجەستە دەبێ کە سورنجان لە چوراچێوەی وێنەیەکدا دەژیێ و ڕوپەڕی سەر وێنەکە بەربەستێکە بۆ ئەوەی نەتوانێ لە سنوری ئەم وێنەیە بێتەدەرەوە. هەر لە پانتایی ئەم وێنەیەوە لە جیهان دەڕوانێ. لە ڕاستیدا دەرونی سورنجان و دیدگا و جیهانبینییەکەی بە وێنەکە و ڕوپەڕی وێنەکە چوێنراوە و ئەم کەســایەتییە ڕێک لە جیهانی ناوەوەی خۆی لە دەرەوە دەڕوانێ. ســورنجان بەپێی ئەم ڕوداوانەی لە ڕۆمانەکەدا دەگێڕدرێنەوە توانایی هەڵکردن و پەیوەندی بەســتن لەگەڵ خەڵکیدا نییە و کەســایەتییێکی دورەپەرێزی هەیە و لێکدانەوەی بۆ ئەم بابەتانەی لە پشت ڕوپەڕی وێنەکەدا دەیانبینێ، بەپێی پێوەری ئاوەزن و بە زۆری لە سۆز و هێزی ســۆزدارانە بەتاڵن. ســورنجان لە دیدگای جیهانی ناوەوە و بە دیدێکی ئاوەزدارانە لە جیهانی دەرەوە دەڕوانێ، کە چۆن ئافرەت لە کۆمەڵگەدا لەلایەن پیاوانەوە وەکو کاڵا دەستی بەدەستیان پێدەکرێ و وەکو وێنەیەک کە دیمەنێکی سێکسی تێدا نەقشــێنرابێ، ئەم گیرفان و ئەم گیرفانی پێدەکرێ و هەســت و ســۆزەکانی بە کەفی ئاو و ســابونی گرماوەکاندا بەناو زێرابەکاندا دەڕوا. بۆ نمونە:

**((من هەرگیز ئەم شــارەم نەدی، نەمزانی ڕەنگی ئەو کۆڵانانە چۆن بون ئەو شــەوەی فەرزەند رایدەوەشــاندن، ئێوارەی ئەو شەوە فەرزەند منی لەناو وێنەیەکدا لەودیو سەرما و تەمی یادگارەوە دیبو. نەمزانی دەرگاکانی شاری چۆن ڕاوەشـــاندن. نا نەمزانی، نەمزانی بۆ لەو گەڕانە زۆرەیدا نەچۆتە ماڵی کەمال دڵشـــا. دواتر زانیم دایکم تا بەیانی، تا یەکەم گزنگ لەناو کێوێک لە گوڵە نێرگز لە ماڵی دڵشـا بوە. تەنیا تۆ بە نەعلەت بی کەمال دڵشـا، تۆ کەســێکی دیکەنا. تۆ هەمو بۆنەکانی دایکمت دزی، کچانی ئەو شـــارەی کە من نەمدیون. ئەو کچانەی لە حەمامەکەی ماڵی فەرزەند و ئاوێنەکەی ماڵی یادگاردا ناسیمن. ئەو کچانەت لەت لەت کرد، ئەو کچانە لەسەر بۆنەکانی تۆ ئاونگیان دەردەدا، بەدیار گوڵێکی دەستی تۆوە دەژیان))(غەریب، ٢٠٢١، ٢٨١-٢٨٢).**

### ٤-١-٢: دەرەکی ئاوەزدار

ئەم جۆرە کەســایەتییانە، ژیانی خۆیان بەپێی کۆمەڵە یاســا و ڕێســایەکی ورد و جددی بەڕێوەدەبەن. بەســەر هەست و سۆزەکانیاندا زاڵن. خاوەن بیروباوەڕ و جیهانبینی وشک و جێگیرن(صادق زادە، ١٣٩٦، ١١٤). یەکێک لە دیارترین کارەکتەرەکانی ناو ئەم ڕۆمانە (مەریەم ڕەیحان)ە کە ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرەوپێشــبردنی ڕوداو و گێڕانەوەی ڕوداوەکاندا هەیە. لەڕاستیدا کەسایەتی مەریەم ڕەیحان لە ڕێگەی مەنەلۆگی (فەرزەند، یادگار و سورنجان)ەوە ئاشکرا دەبێ. بە وردبونەوە لە کەسایەتی ئەم کارەکتەرە دەردەکەوێ، کەسایەتیی مەریەم ڕەیحان لەڕوی سروشتی کەسایەتییەوە، لە جۆری دەرەکی ئاوازدارە. ژیانی مەریەم ڕەیحان بەشــێوەیەکی ڕێکخراو و لەســەر بنەمای یاســا و ڕێســاکانی خۆی بەڕێوەدەچێ. ئەگەرچی لە بنچینەدا کەسێکی لەشفرۆشە، بەڵام بەردەوام بەسەر هەست و سۆزەکانیدا زاڵە و خاوەن

بیرو باوەڕێکی جێگیرە و هەرگیز ناگۆڕێ. مەریەم ڕەیحان بەردەوام سـەفەر دەکا و هەرگیز لە یەک جێگەدا بۆ هەمیشـە نامێنێتەوە. لەگەڵ هەر کەسێک کە خۆی پێی باش بێ، دەمێنێتەوە و ئاوێتەی دەبێ. هەرگیز هیچ کەسێک لە دەرەوەی یاساکانی ئەودا ناتوانێ هەوڵی دەستەبەرکردنی جەستەی ئەو بدا. لاپەڕەکانی ئەم ڕۆمانە پڕە لە دیمەنی ئاوێتەبونی مەریەم ڕەیحان لەگەڵ پیاوان، جارێک لەگەڵ دوکاندار، جارێک لەگەڵ یادگار، جارێک لەگەڵ چەتە دەریاییەکان، جارێک لەگەڵ مورتازە هیندییەکان، جارێک لەگەڵ پاشای ئیسپانیا و ...هتد.

**((ڕاستە مەریەم ڕەیحان مولکی کەس نەبو، کراسە نێرگزەکەی لای کەمال دڵشا بو، تۆوی گوڵەکانی هیندستانی بۆ خۆسێ خۆرسیا بردبو. خەمێکی دا بە ڕاجا بۆ ئەبەد پێی بژی. کتێبە هیندییەکانی دایە یادگار و شارێکی خستە ناو گەڵا خەولێکەوتوەکانی. شـمشـاڵ و حیکایەتەکانی دایە من و بۆنی پێسـت و توێخێکی زمانی دایە جەردەکانی دەریا. ئەو ئەوەنـدی شـــت هەبو بەشی هەمومـان بـدات، بەڵام ئێمە تەنها ئەوەنـدەمـان هەبو بیدەینە ئەو))**(غەریب، ٢٠٢١، ٣٥٦).

٤-١-٣: ناوەکی سۆزدار

بیرکردنەوە و دەربڕینی ڕاشکاوانەی هەست و سۆز لەلایەن ئەم جۆرە کەسایەتییانەوە کپ دەکرێتەوە. خاوەن کەسایەتییەکی لێڵن و لەلایەن خەڵکییەوە ناخوێندرێنەوە و بەردەوام حەز بە بێدەنگی و ئارامی دەکەن و هەست و سۆز و تێڕوانینی خەڵکی بەلایانەوە سـەرنجراکێش و گرنگ نییە(صـادق زادە، ١٣٩٦، ١١٤). سروشـتی کەسـایەتیی ناوەکی سـۆزدار لە ڕۆمانی (لەسـەر باران دەنوسـم) لە کەسـایەتی کارەکتەرێکدا بەدیدەکرێ کە بەناوی (ژنەی تەونی سـور) ناونراوە. هەچەندە لە شـوێنێکی دیکەی ڕۆمانەکە ئەم ژنە بە فەرزەندی کارەکتەری سـەرەکی ڕۆمانەکە دەڵێ: **((پێم بڵێ شەوزین))(غەریب، ٢٠٢١، ١٢٦)**. ژنەی تەونی سور لەناو خانویەکی دور لە ئاوەدانی و لەناو تاریکی و بێدەنگیدا دەژیێ. لە دیدارەکانی لەگەڵ فەرزەندا هەوڵدەدا هەسـت و سـۆزەکانی بشـارێتەوە و کپیان بکا. لە تەنیایی و لە ژورێکی ئارامدا لەگەڵ کۆمەڵە وێنە و یادەوەرییەک ژیـان بەسـەر دەبا، ئەگەرچی لە مەنۆلۆگەکانیدا بەڕاشـکاوی جیهـانبینییە سۆزدارەکەی بەدیار دەکەوێ، بەڵام بەپێی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەردەکەوێ، هیچ گرنگی بە جیهانی دەرەوەی ژورەکەی نادا و گوێی لە قسـە و تێڕوانینی خەڵکی نییە. لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی کەسـێکدا ژیان بەسـەر دەبا کە پێدەچێ بۆ هەندەران ڕۆیشـتبێ. شـەوانە بە یادی ئەوەوە و لەگەڵ وێنە و یادەوەرییەکانیدا دەخەوێ و بەیانیان بە هیوای گەڕانەوەی، لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوە دەڕوانێ. لەم دیمەنـانەی کە بـارودۆخ و ژیـانی ژنەی تەونی سـوری تێـدا دەگێڕدرێتەوە، بەدیاردەکەوێ ژنەی تەونی سور بە جیهانی ناوەوەی خۆیدا ڕوچوە و ژورە تاریک و ئارام و بێدەنگەکەش هەمان ناخی بریندار و ئازار چەشـتوی ژنەکەیە. پەنجەرە لێڵ و تەماوییەکەش ئەم ڕۆژنەیە کە لێیەوە جیهانی ناوەوەی بەوپەڕی لێڵی و تاریکییەوە دەبینرێ. لە دیمەنێکی ڕۆمانەکەدا ژنەی تەونی سـور لەگەڵ خۆیدا دەدوێ و بەم چەشـنە دیدگا سۆزدارانەکەی ئاشکرا دەکا کە چەندین ساڵە کپیکردون:

**((دەتبینم پاڵتۆیەکی درێژت لەبەرە و بەنێو باراندا دەڕۆی، هەر وەک نوسـیوتە هەمو لەشـت تەڕ دەبێ و هەناسـەکانت بەنێو باران هەڵدەواسرێ. هەر وەک نوسـیوتە بیرم دەکەی و دوای ئەم تەڕبونە تەنهاییە، هەر بە سـیحرێکی ڕۆژهەڵاتییانە بگەیتەوە ژورەکەی من و لە باوەشـم بکەی، هەر وەک نوسـیوتە جلەکانت لەبەر داکەنم و قژت بۆ وشـکەمەوە... ئا دڵۆپە بارانەکانی سـەر سـمێڵت بە هەناسـە وشـک بکەمەوە))(غەریب، ٢٠٢١، ١٧).**

٤-١-٤: دەرەکی سۆزدار

ئەم جۆرە کەســایەتییانە بەتوندی ئاوەز ســەرکوت دەکەن و یەکجار ســۆزدارن. بەتەواوی پابەندی ئەم بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و نەریتانە دەمێننەوە کە لەسەری پەروەردە کراون. هەستیارییەکی تەوایان سەبارەت بە تێڕوانین و چاوەڕوانیی کەســـانی دیکەوە هەیە(صـــادق زادە، ١٣٩٦، ١١٥). بەم پێیە دەکرێ ئەدگاری هاوبەشی نێوان ئەم کەسایەتییانە بەم جۆرە دەسنیشان بکرێن: هەڵچو، هەستیار، کۆمەڵایەتی، سەرکەوتو لە گرێدانی پەیوەندی، هەستیار لە بەرانبەر تێڕوانینی خەڵکی(کریم پور و خزانەدارلو، ١٣٩٥، ١٦٢). ســـەرجەمی ڕوداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە بەدەوری کارەکتەرێک بەناوی (فەرزەند)ەوە لە جولە دایە. ڕوداوەکان لێرەوە پەرە دەسێنن کە فەرزەند هەست بەوە دەکا شەوانە پیاوێک لەناو تاریکایی شـــەودا خۆی بۆ ناو جێ و پێخەفی دایکی دەخزێنێ و بەرەبەیان شـــوێنەواری نامێنێ. بەم هۆیەوە گرێیەک لە دڵ و دەرونی فەرزەند دروســـت دەبێ و هەوڵدەدا بزانێ ئایا ئەم پیاوە باوکی ڕاســـتەقینەیەتی یان نا؟ ئەگەر باوکی ڕاستەقینەیەتی بۆ بەس شەوان دیارە، ئەگەریش ئەو نییە ئەدی باوکی خۆی لەکوێیە؟ بۆیە ئەم بابەتە وەکو ڕاز و نهێنییەک ســـەرتـاپای ژیـانی دادەگرێ. دواجـار بڕیـاردەدا بەدوای ئەم نهێنییەدا بڕوا و ڕازەکە ئـاشـــکرا بکا. بۆیە ســـەرهەڵدەگرێ و بەرێدەکەوێ تاکو بەدوای باوکی ڕاســـتەقینەی خۆیدا بگەڕێ. لێرەوە گەشـــتی پاڵەوان بەمەبەســـتی گەیشـتن بە ئامانجەکەی دەسـپێدەکا. کەسـایەتی فەرزەند لە ڕوی تایپۆلۆژییەوە پیشـاندەری جۆری دەرەکی سـۆزدارە، چونکە خاوەن کەســـایەتییەکی یەکجار ســـۆزدارە و بەردەوام هەوڵدەدا ئاوەز ســـەرکوت بکا. بەتوندی پابەندی بەها کۆمەڵایەتییەکانە و گشت لادانێک دەیرەنجێنێ. دیارترینیان ڕوداوی پەیوەندی بەردەوامی دایکی لەگەڵ ئەم پیاوە بوکە فەرزەند ناوی پیاوی تاریکی لێنابو. هەروەها بەرانبەر تێڕوانین و قســـەی خەڵکی زۆر هەســـتیار دەردەکەوێ و گرنگی بە دیدگای خەڵکی ســـەبارەت بە ژیانی خۆی دەدا و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەدوای باوکیدا بگەڕێ و لە کۆتاییدا بۆی دەردەکەوێ، ژمارەیەکی زۆر لە پیاو دەتوانن باوکی ئەو بن. دۆخی فەرزەند لە ڕوی سروشتی کەسایەتییەوە لە دۆخی داکشاندا خۆی بەرجەستە دەکا، چونکە لە جیهانی دەرەوەوە بەرەو جیهانی ناوەوەی خۆیدا دادەکشێ و ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا تێبگا هیچ کەسـێک ئەم شـتە نییە کە نواندنی بۆ دەکا. دایکی و خوشـکەکانی و مەریەم ڕەیحان و سـورنجانی خۆشـەویسـتی، گشـتیان کۆمەڵە وێنەیەکی جولاون و ئەویش هەر وەکو ئەوان دانیشـتوی جیهانێکە لە قاڵبی وێنە دراوە.

**((بە دیوارێکدا تێپەڕیم هەزار ســـاڵ بەرین، لەوێش دەفتەری بیرەوەرییەکانی موغ لەســـەر وشـــکترین دار با لێی دەدا، نیوەم بوە ئاگر بەدیار ژنەی تەونی ســـورەوە و نیوەم بوە ســـەهۆڵ بەدیار یادگارەوە، دەبو هەردوک نیوەم لەســـەر ئاوازی شـــمشـــاڵێک پێکبگەن، شـــمشـــاڵێک لەناویدا بۆنی پێســـتی مەریەم ڕەیحان بگرێ. من دەبو ئەو شـــەوە بمرم، بمرم و وەک ســـەگ بتۆپم کە دایکم لەبن بەتانییە کولکنەکەیەوە بەڕوتی، ڕوت ڕوت، ڕوتیەتی ئاگر، ڕوتی ئەو دارکۆخانەی پایزان لە وشـــکیدا خەریکە گڕ بگرن، ئەو شـــەوە دایکم چاوەڕێ بو... بارانێک لە ســـێبەری پیـاوێکـدا پێیەکانی هێنـدەی نیوەی گۆی زەوی قورس بن، هـاتە ژورێ و من لەژێر نوێنەکانمەوە پـاڕامەوە و گوتم خوایە کوێر کوێرم کە، من کوێر بوم و لە زەینمـدا گلۆپێـک هەڵبو، دایکم لە شـــێوەی دار کۆخێکدا لەوپەڕی گەنجیدا، ئاگر لەسەر گەڵاکانی، لەسەر جەستەی بڵند دەبو، باران لە شێوەی پیاوێکدا باری باری باری گوتم خوایە کوێر کوێرم کە، چاوم، مێشـــکم، هۆشـــم، من نیم دایکم وا دەبینم، ئەوە ســـەگێکە و بیتۆپێنە))(غەریب، ٢٠٢١، ٥-٦).**

٤-١-٥: ناوەکی هەستی

بەپێی سروشـــتی کەســـایەتی، ئەم جۆرە کەســـانە بە ناعەقڵانی و دابڕاو لە جیهان و ژیانی ڕۆژانە دادەنرێن. لە گۆشەنیگای چاکەخوازیی و کات بەسەربردن لە چالاکی و ڕەفتار و کردەوەی مرۆڤ دەڕوانن. لە ڕوانگەی جوانیناسییەوە خاوەن کەسـایەتییەکی هەسـتیارن. گرنگی بە سـیاسـەت دەدەن و هەمو جۆرە دڵبینی و شـهودێک لەناخی خۆیان کپ دەکەنەوە(صادق زادە، ١٣٩٦، ١١٥). لەناو کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانەدا ئەم جۆرە سروشتیە بەڕادەیەک لە کەسایەتی (دایکی فەرزەند) دا بەرجەســـتە دەبێ. دایکی فەرزەند دیدگایەکی خۆپەرســـتانەی هەیە و بەشـــێوەیەکی نالۆجیکی و ناعەقڵانی کوڕ و کیژەکانی بە مەبەستی چێژبینینەکانی خۆی بەکار دەبا. کوڕێک بەناوی (کەمال دڵشا) کە خۆشەویستی یەکێک لە کچەکانی ئەوە، لەخۆدەگرێ و چێژ لە هەڵســـوکەوت کردن لەگەڵ ئەم گەنجەدا دەبینێ. هەروەها دەزانێ یادگار چاوی لەســـەر کچەکانییەتی، کەچی ســـیاســـەت دەکا و ڕێگەی پێدەدا لێی نزیک بێتەوە. دایکی فەرزەند کەسـایەتییەکی یەکجار هەسـتیاری هەیە و گرنگی بە جوانیی لەش و ڕوخسـاری خۆی دەدا و هەر بەهەمان شـێوەش گرنگی بە باخچە بچوکەکەی ماڵەکەیان و گوڵە نازنازەکانیش دەدا. دایکی فەرزەند هیچ جۆرە چالاکییەکی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا نییە و جیهانێکی تایبەت بەخۆی هەیە. شەوانە لێفەکەی لەلایەن پیاوانەوە هەڵدەدرێتەوە و ڕۆژانەش خەریکی خۆ ڕازاندنەوە و چای خواردنەوە و ئاودانی گوڵە نازنازەکانە. لە جیهانی دەرەوە و ژیانی دەوروبەر بەتەواوەتی دابڕاوە. بێگومان تێگەیشـــتن لە دۆخی سروشـــتی کەســـایەتی هەندێ لە کارەکتەرەکان لەڕێگەی مەنەلۆگی کارەکتەرە سەرەکییەکان ئاشکرادەبن، بۆیە لە خوارەوە لەڕێگەی مەنەلۆگی فەرزەندەوە پەی بە سروشتی کەسایەتی دایکی براوە.

**((ئەو شـەوانەی دایکم بەنیازی کەس نەبو، بە نیازی ئەو پیاوە نەبو بە ڕێگای دور دوردا، بەبن باراندا دەهات و بێ ئەوەی کەس دەرگای لێ بکاتەوە، بێ ئەوەی خۆی دەسـت بۆ دەرگاکان بەرێ، دەرگاکان دەکرانەوە... لەنێوان من و ئەو پیاوەدا دایکم هەبو، باخێک هەبو پڕ لەزەت و خۆشـەویسـتی و خیانەت... ئەو شـەوانەی دایکم بە نیازی گۆڕانی وەرزی ژورەکەی نەبا، هەناسـەی سارد سارد، دۆشـەک و سـەرینەکەی سارد سارد، لەشی سارد سارد، نیوەشەو دەهاتە لای من و پاڵ دەکەوت))(غەریب، ٢٠٢١، ١١٧).**

٤-١-٦: دەرەکی هەستیی

سروشتی کەسایەتیی ئەمانە پتر مەیلی بۆ خۆشی و چێژبینین دەشکێتەوە و بەردەوام لە هەوڵی گەڕان و دۆزینەوە و ئەزمونکردنی شـتی وروژێنەرن. ئەم کەســایەتییانە بەڕادەیەکی زۆر لەگەڵ واقیعدا هاوتەریبن و توانایەکی باشـیان لە خۆگونجاندن لەگەڵ کەسـانی دیکە و هەلومەرجە جیاوازەکاندا هەیە(صـادق زادە، ١٣٩٦، ١١٥). لە ڕۆمانی (لەسـەر باران دەنوسـم) ئەم جۆرە لە کەسـایەتی (کەمال دڵشـا)دا بەرجەسـتە دەبێ. کەمال دڵشـا لەم ڕۆمانەدا هێمای چێژ و خۆشـــییە، لە هیچ ڕێکارێک بۆ گەیشـــتن بە ئارەزوەکانی ناســـڵەمێتەوە و بەردەوام هەوڵدەدا چێژ لە تێکەڵبون لەگەڵ ئافرەتدا ببینێ. لەڕێگەی جلوبەرگ و بۆنی ناوازە و کەشـخەپۆشـییەوە، دڵی ژنان بۆ خۆی کێش دەکا. کەسـێکی خۆش مەشرەبە و لەگەڵ گشـت بارودۆخێکدا خۆی دەگونجێنێ. کەمال دڵشـا بە ڕواڵەت دڵداری (خاشـخاش)ی خوشـکە گەورەی فەرزەندە، بەڵام لە پەردەدا و بە نهێنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە ئافرەتێکی دیکەدا هەیە و هەوا و هەوەس و ئارەزوەکانی بۆ ژن بێ کۆتایین و تەنیا خۆی بە ئافرەتێکەوە نابەســـتێتەوە. کەســـایەتی ئەم کارەکتەرە لە مەنەلۆگی فەرزەندەوە بەدیار دەکەوێ.

**((ئەو پیاوەی یان چاتر بڵێم ئەو کوڕەی عاشـقی خوشـکەکەم ببو، باڵا ناوەندی و چاویلکە لەچاو بو، چاوەکانی لەبەر هەتاو زەرد زەرد بون، هەمیشـە لەگەڵ لە دەرگادانی بۆنێک دەگەیشـتە حەوشـە، بۆنێک هەمومانی خڕ دەکردەوە، خوشـکەکانی دیکەم لەو دیو پەنجەرە تەختە شـینەکەوە بۆنی ئەو کوڕە چاو زەردەیان هەڵدەمژی،**

**من تەنها حەزم چوبوە پێڵاوە بە بریقوباق و بە قەیتانەکانی، لە وەختی پێکەنیندا پەنجە باریک و درێژ و سپییەکانی دەخستە سەرشانی خوشکم، تەنها من دەمدی، خوشکم لەشی سپیوسۆڵی لەبن مەکسییە شینەکەیەوە کرژکرژ دەبو، هێند ڕادەهات خەریکو دەبو هەر وا بە وەستانەوە بقەڵشێ و دەم بکاتەوە. ئەو پەنجە فێڵاوییانە زۆر بەنەرمی لەسەر شان و پشتە ملی خوشکم دەخزین و بە سیحر و فێڵی شەیتانەوە خۆیان دەگەیاندە پەناگوێی و قژی خورمایی و خاوی خوشکم لەنێو پەنجەکانی دەخزین... ئەم پیاوە سادە و پڕ نهێنییە دەموچاوێکی هێند سەیری هەبو، هەرگیز زەنت نەدەکرد ئەو پەنجەی یاریی بە قژی خوشکم دەکات هیی ئەو دەموچاوەیە))(غەریب، ٢٠٢١، ٨٧-٨٨).**

٤-١-٧: ناوەکی دڵبین

ئەم جۆرە کەسانە وەها لەناو جیهانی دڵبینی و شهودیدا ڕودەچن کە پەیوەندیان لەگەڵ واقیعدا دەگاتە نزمترین ئاست، بۆیە لەناو جیهانی خەیاڵ و وێنەی خەیاڵیدا دەژین. لەلایەن خەڵکییەوە بە کەسانێکی سەیر و سەمەرە و نامۆ دادەنرێن(صادق زادە، ١٣٩٦، ١١٥). لەم ڕۆمانەدا (پیاوی موغ) خاوەنی سروشتی کەسایەتی ناوەکی دڵبینە. پیاوی موغ لە جیهانی خەیاڵدا دەژیێ و پەیوەندی بە جیهانی واقیعدا نەماوە. کەسێکی نامۆیە و تەنیا ناوی هەیە و جگە لە فەرزەند و یادگار کەس نەیبینییوە. سەرجەم ئەم زانیارییانەی لەناو ڕۆمانەکەدا سەبارەت بەم کارەکتەرە بەردەستن، بەهۆی ئەم دەفتەرەوەیە کە بیرەوەرییەکانی خۆی تێدا نوسیوە. بەپێی زانیارییەکانی یادگار، پیاوی موغ باوکی فەرزەندە و بەم هۆیە فەرزەند بەدوایدا دەگەڕێ و پاش ئەوەی دەفتەری بیرەوەرییەکانی دەدۆزێتەوە، ئاشکرادەبێ بۆ ماوەیەک و لەسەردەمی منداڵیدا لای ئەم پیاوی موغە ژیاوە و ئێستا ونە و کەس نازانێ چی بەسەر هاتوە. تەنیا وێنە یان پەیکەری کچێک بە جیهانی واقیعی گرێیدەدا کە بەوپەڕی هونەرمەندییەوە لەسەر تاشە بەردێک هەڵی کەندوە. پیاوی موغ لە جیهانی واقیعی دابڕاوە و تەنیا لە جیهانی خەون و خەیاڵدا دەژی کە لە دەفتەرەکەیدا بە شاری مەرمەڕ ناوی هێناوە و ماوەیەک وێنەی لە بەرد داتاشراوی کچەکە، هەمو ژیانی ئەو بوە و بەهیوای ئەم کچە و بە ئارەزوی گەیشتن بەم ئەوینە بەردینەی ژیاوە.

**((موغ پەیکەری کچێکی لەسەر دیواری ژورەکەی تاشیبو و لەژێری نوسیبو سەوزە، دەیان شەو دەمدی موغ بەرانبەر ئەو وێنەیە دەگریا، دەگریا و فرمێسکی بێ دەنگ وەک جۆگەلە بە سینگیدا دەهاتە خوار... ئەو کچە چەندە جوان بو ئەوەندەش دلڕەق بو، ئەو هەمو شەوە دور و درێژانە جارێك دەستی درێژ نەکرد، دەستێک بەسەری موغدا بێنێ یان دەستی بکوشێ. موغ ئەو وێنەیەی لە بەرد تاشی بو، بەردێکی سپی شینباو، هێندەی کار لێ کردبو، هێندەی دەست لێ خشاندبو وەک شوشەی لێ هاتبو))(غەریب، ٢٠٢١، ٦٠).**

٤-١-٨: دەرەکی دڵبین

ئەم جۆرە کەسایەتییانە لە سیاسەت و بازرگانیدا سەرکەوتون، چونکە توانستێکی زۆریان لە قۆستنەوەی هەلەکاندا هەیە. پێشوازی لە بیرۆکە و هزری نوێ دەکەن و داهێنەر و هاندەرن و حەزیان لێیە بتوانن هانی کەسانی دیکە بدەن بۆ ئەوەی سەرکەوتو بن(صادق زادە، ١٣٩٦، ١١٥). بەپێی کارەکتەرسازیی لە ڕۆمانی (لەسەر باران دەنوسم) کەسایەتیی (یادگار) پیشاندەری سروشتی کەسایەتی دەرەکی دڵبینە. یادگار زۆر سیاسەتمەدارانە و لێزانانە لەگەڵ ڕوداو و بارودۆخەکاندا هەڵسوکەوت دەکا. بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری بەسەر زۆربەی ڕوداو و کارەکتەرەکاندا هەیە و لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا ئاراستەیان دەکا، بەتایبەتی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فەرزەند هەیە و بەردەوام

لەگەڵیدا دەردەکەوێ و ڕێنوێنی دەکا و هاوکاری دەبێ. بەدوای شـــتی نوێدا دەگەڕێ و حەزدەکا لە نهێنییەکانی ژیانی خەڵکی تێبگا و داهاتویان بخوێنێتەوە.

**((لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەو ئاوێنەیەش ڕاست ناکا، دڵشا لەناو بیاباندا نا، بەڵکو لەژێر تاڤگەیەکی بەخوڕ دەبێتە تۆز و بوخار. نازانم بۆ ئەو قسەیەم کرد، هەر لەبەر ئەوەی فەرزەند لەجیاتیی شێوە یان شوێن پێی خاشخاشی خوشـکی، شـوێن پێی خۆی بۆ هێنابوم، من هەر لە یەکەم تەماشـاکردنەوە زانیم ئەوە شـوێن پێی پیاوە، زانیم ئەوە شـــوێن پێی نێرینەیە، دەبو هەر ئەو ڕۆژە بە بەردێکم دادابایە، بەڵام نهێنییەک لەودیو هێڵە تێکشـــکاو و یەکتربڕەکانی پێیەوە ئۆقرەی لێ هەڵگرتم، دەبو دوای ئەو هێڵانە کەوم))(غەریب، ٢٠٢١، ١٦٥).**

**ئەنجامەکان:**

١- تایپۆلۆژیای کەسـایەتی یەکێک لە گرنگترین تیۆرە دەروونناسـییەکانی (کارل گۆسـتاو یۆنگ)ە کە تێیدا کەسـایەتی تاک بەهۆی ڕوانین و جیهانبینییەکەی بەسـەر دو جۆردا دابەش دەکرێ (دیدگای ناوەکی) و (دیدگای دەرەکی). لەم ڕۆمانەدا بەپێی مەنەلۆگی کارەکتەرەکان و لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە کارەکتەرەکان بەپێی جۆری کەســـایەتییەکانیان دەســـنیشـــان کراون.

٢- تایپۆلۆژیای کەسـایەتی پەیوەندی ڕاسـتەوخۆی بە ئاکار و ئاخاوتنی تاکەوە هەیە و بەشـێوەیەکی بنەڕەتی لە مەنەلۆگی کارەکتەرەکاندا بەرجەســتە دەبن، بۆیە مەنەلۆگی هەر یەک لەم کارەکتەرە دەســنیشــانکراوانە، پێوانەی ناســینەوەی تایپۆلۆژیای کەسایەتییەکەیان بوە.

٣- کارەکتەرسـازیی لە ڕۆمانی (لەسـەر باران دەنوسـم) بەشـێوەی ناڕاسـتەوخۆ جێبەجێ کراوە و لەم شـێوازەدا دەربڕین و ئاخاوتنی کارەکتەر لەگەڵ خۆیدا واتا مەنەلۆگ، پێناســـەی کەســـایەتی کارەکتەر دەکەن و ژمارەیەک لە کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ لەڕێگەی مەنەلۆگەکانیان خۆیان دەناسێنن و ژمارەیەکی دیکەیان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و بەهۆی مەنەلۆگی کارەکتەری دیکە دەناسرێن.

٤- ئەم کارەکتەرانەی لە ڕۆمانی (لەســەر باران دەنوســم) بەشــێوەی ڕاســتەوخۆ و لە ئەنجامی مەنەلۆگەکانی خۆیانەوە سروشـتی کەسـایەتیان ئاشـکرا دەبێ، بریتین لە: فەرزەند (دەرەکی سـۆزدار)، یادگار (دەرەکی دڵبین)، سـورنجان (ناوەکی ئاوەزدار) و ژنەی تەونی سور (ناوەکی سۆزدار).

٥- ئەم کارەکتەرانەی لە ڕۆمانی (لەســەر باران دەنوســم) بەشـێوەی ناڕاسـتەوخۆ و لە ئەنجامی مەنەلۆگی کارەکتەرەکانی دیکەوە سروشــتی کەســایەتییان دەســتنیشــان دەکرێن، بریتین لە: مەریەم ڕەیحان (دەرەکی ئاوەزدار)، دایکی فەرزەند (ناوەکی هەستی)، کەمال دڵشا (دەرەکی هەستی) و پیاوی موغ (ناوەکی دڵبین).

## سەرچاوەکان:


ئەڵوەنی، نەجم خالد(٢٠٠٩) کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر.

غەریب، جەبار جەمال(٢٠٢١)لەسەر باران دەنوسم، دەزگای چاپ؟، چاپی دوەم، هەولێر.

ئەڵوەنی، نەجم خالد(٢٠٢٣) هونەری گێڕانەوە لە ڕۆمانی خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک دا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٥٦.

حەسەن، فرهاد عەزیز(٢٠٢١) مەنەلۆگ لە ڕۆماندا لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی، گۆڤاری گێڕانەوە، ساڵی یەکەم، ژمارە ١.

اسنودن، روث(١٣٩٣) یونگ مفاهیم کلیدی، مترجم افسانه شیخ‌الاسلام زاده، انتشارات عطایی، چاپ اول، تهران.

میرصادقی، جمال (١٣٨٨) عناصر داستان، نشر سخن، چاپ ششم، تهران.

یونگ، کارل گوستاو(١٣٧٤) درباره ماهیت روان و انرژی آن، ترجمه پرویز امیدوار، چاپ گلشن، چاپ اول، تهران.

یونگ، کارل گوستاو(١٤٠٠) روان‌شناسی ضمیر ناخودآگاه، مترجم محمدعلی امیری، انتشارات علمی فرهنگی، چاپ هشتم، تهران.

حری، ابوالفضل(١٣٩٠) وجوه بازنمایی گفتمان روایی: جریان سیال ذهن و تک گوییدرونی، مجله پژوهش ادبیات معاصر جهان، شماره ٦١.

صادق زاده، محمود و دهقان بنادکی، لیلا، ١٣٩٦، مؤلفه‌های روان‌شناسی شخصیت بر اساس دیدگاه یونگ در حکایات بوستان سعدی، جستارنامه ادبیات تطبیقی، سال یکم، شماره دوم، ١١٤-١١٥).

صادقی، علی‌رضا و مهدوی دامغانی، محمود(١٣٩٩) تحلیل شخصیت سعدی بر اساس تیپ‌های شخصیتی برونگرایی-درونگرایی، دو فصلنامه علوم ادبی، سال ١٠، شماره ١٧.

کریم پور، نسرین و خزانه‌دارلو، محمد علی(١٣٩٥) روان‌شناسی شخصیت زیدری نسوی بر مبنای ابعاد درونگرایی و برونگرایی، دو فصلنامه علوم ادبی، سال ٦، شماره ١٠.

فرهنگی، سهیلا، آقایی نواسطلی، طاهره (١٣٩٢) شخصیت‌پردازی در رمان دشت‌های سوزان، فصلنامه تخصصی مطالعات داستانی، سال دوم، شماره اول.

مسعودی‌فرد، جلیل(١٣٩٣) شخصیت و شخصیت‌پردازی در رمان یک عاشقانه آرام، فصلنامه تخصصی مطالعات داستانی، سال دوم، شماره سوم.